# تەڵاق زیانبارترین کێشە کۆمەڵایەتیەکانە

و: کەژاڵ عەلا



بابەتی تەڵاق یەکێکە لەبابەتە هەرە ترسناکەکانی کۆمەڵایەتی. بەداخەوە ئێستا ئەم ئامارە ڕوولە زیادبوونە ئاکامە خراپەکانی ئەم کارەش بەڕێژەیەکی زۆر لەسەر منداڵانی ئەو دایك و باوکانە ڕەنگ دەداتەوە. بۆ بەرگریکردن لەم کارە پێویستە لە ناو کۆمەڵگادا ئەو ڕێگایانە بناسرێن کە تووشی ئەم چین و توێژە دەبنەوە، هەروەها ئەو ڕێگایانەش بخرێنە ڕوو کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەم کارە.

کەسانێکی زۆر لە دەروونناسان لەوبڕوایەدان لەکاتێکدا ئەو دایك و باوکانەی کە ئەم کارە ئەنجام دەدەن جابەهەر هۆکارێك بووبێت و ژیانی خێزانیان لێکهەڵدەوەشێننەوە، تەنها ڕێگرێکی سەرەکی بۆ پەشیمانبوونەوەیان لەم کارە منداڵەکانیانە، پێویستە دایکان و باوکان پێش ئەوەی بڕیاری جیابوونەوە بدەن، منداڵەکانیان لەبەرچاوبگرن و لەبەرامبەر ململانێکاندا ئەوان بپارێزن.

لەژێر چاودێری دکتۆر کریستیان فلاوێنی، کە پزیشکی ڕەوانیە و لەم بوارەدا کاردەکات بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردە خراپە لەناو کۆمەڵگادا واتا پاراستنی پەیوەندی نێوان دایکان و باوکان و گەڕانەوەی ئارامی و تەبایی و ڕاگرتنی شیرازەی خێزان. کریستیان دەڵێ: لەزەمانی زوودا هەندێك داب و نەریتی کۆمەڵایەتی لە هاوسەرگیری و خێزانداریدا کاریپێدەکرا و جگە لەوەش بوونی منداڵ گرنگیەکی زیاتری پێدەدرا، بەڵام ئیستا بەداخەوە لەمەڕ ئەم بابەتەوە لە چوار چێوەی خێزاندا لەبەرچاوگرتنی منداڵ هیچ وجودی نیە، واتا ژن و مێرد بێگوێدانە هەبوونی منداڵ یا نەبوونی منداڵ بەهۆی کێشمەکێش و نەگونجانیانەوە بڕیاری خۆیان دەدەن و سەرئەنجام لەیەکدی جیادەبنەوە، ئەم بڕیارەش کاریگەری دەبێت لەسەر گەشەو نمای منداڵەکانیان و زیانگەیاندن بەدەروون و هەستی ناسکی منداڵ کە زۆرجار دەبێتە هۆی درووست بوونی ڕق وکینەو نائارامی دەروونی لایان. هەروەها دکتۆر کریستیان جەخت لەسەر ئەوەش دەکاتەوە دەڵێ" پێویستە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی منداڵ لە گەرمەی ئەشکەنجەدا، گرنگی پێبدرێت".

## جودایی و تەڵاق، مایەی ڕەنج و عەزابە بۆ منداڵی ئەوکەسانەی ئەم کارە ئەنجام دەدەن..

بەپێی وتەکانی کریستیان فلاوینی " جیابوونەوە تاڕادەیەك بۆتە مەسەلەیەکی فراوان". تەنانەت بوونی منداڵی بچکۆلانەش هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ. لەڕاستیدا ئەم ڕووداوە زەنگێکی ئێجگار خەتەرناکە. . بەتایبەتی ئەو ژن و مێردانەی کە خۆیان لە بنەڕەتدا بەسەختی توانویانە یەکتری قەبووڵ بکەن، هەربۆیە بەبدنیاهێنانی منداڵیش وەزعەکە هێندە گۆڕانی بەسەردا نایەت. هەروەها ئەو ئاماژەی بەوەش داوە کە جیابوونەوەی هاوسەر هیچ کات مژدەیەکی دڵخۆشکەر نەبووە بۆ منداڵانی ئەم گروپە. بەڵکو جیابوونەوە زەربەیەکی گەورەیە بەناو هەستی ناسك ودەروونی منداڵانا ڕۆدەچێت. ڕەنگە هەندێ جار منداڵ بتوانێ هەست بەوە بکات جیابوونەوەی دایك و باوکیان لەیەکدی تەنها ڕێگە چارەیە، لەگەڵ ئەوەشدا فشارێکی دەرونێی قورس لەسەر منداڵەکە درووست دەکات و هەندێ جار ئەم هەواڵە منداڵ تووشی شۆك دەکات. بیگومان پێکەوە ژیانی خێزان بەتەبایی خۆشەویستی دنیایەك خۆشی دەبەخشێتە منداڵ، چونکە لەم حاڵەتەدا دایك و باوك بەشێکی زۆری کاتەکانی خۆیان بۆ خۆشگوزەراندنی ئەوان تەرخان دەکەن. یا بەشێوەیەکی تر باسی لێوەبکەین دایك و باوك پاش تەڵاق، ئەو زەرەر وزیانە زۆرەی کە لەمنداڵەکانیان دەکەوێ هەرگیز بۆیان قەرەبوو ناکەنەوە. ئالێرەدایە جودایی، منداڵ ناچاردەکات قەبووڵی بکات بە هۆی لێکترازاندنی خێزانەوە ئیتر وەك ڕابووردوو گرنگیان پێنادرێت وئەوان بەشێکی گرنگ نابن

لەژیانی هەر کامێکیاندا، بەمهۆیەوە بۆشاییەکی گەورە لای ئەو منداڵانە درووست دەبێت کە تا کۆتایی ژیان لە ناو ئازار و ئەشکەنجە و دڵەڕاوکێدا دەگوزەرێنن.

## روونکردنەوەی وردەکاریەکان بۆ منداڵ کارێکی نادرووستە..

لەسەردەمێکدا کەئیتر پەیوەندی خراپی خێزانەکە گەیشتە ئەو ئاستەی لەڕادەبەدەری کرد، ڕەنگە ئێوە پێتان وابێ ڕوونکردنەوەی وەزعەکە بۆ منداڵەکانتان کارێکی باش یا شیاو بێت، بەڵام تازە کار لەکار ترازاوە، لەم ڕووەوە دکتۆر کریستیان ئەم کارەی پێباشنیە و دەڵێت:"ئەمە شتێکی ڕاست نیە منداڵ بخەنە ناو وردەکاریەکانەوە، چونکە تۆ لەگەڵ نەوجەوانێك یا هەرزەکارێکدا قسەناکەیت بەڵکو قسە بۆ منداڵێکی 8 ساڵاندەکەیت. لەهەردوو حاڵەتەکەدا پێویست ناکات بە شێوەیەکی قووڵ هۆکاری کێشمەکێشەکانتان بخەنە بەردەم منداڵەکانتان یا زۆر بەڕوونی و بەووردی مەسەلەکانیان بۆ باسبکەن. چونکە ئەم بابەتە پەیوەندی بە ئێوەوە هەیە نەك ئەوان.. ئەوەش بزانە پێشتر منداڵەکە هەستی بەوە کردووە کە دایك و باوکی ئیتر هیچ پەیوەندیەکیان بەیەکەوە نەماوە چونکە منداڵ بوونەوەرێکی ئێجگار هەستیارە. پێشتریش ئەوان گلەیی و دەمەقاڵەکانی دایك و باوکیان گوێلێوەبووە، لەم ڕووەوە باشتر وایە ئێوە تەنها بابەتی تەلاقەکەیان بۆ باسبکەن باقیەکەی تری سەربنێنەوە.. لەم حاڵەتەدا باشتروایە وایان پێ ڕابگەیەنن:" لەبەر ئەوەی ئێمە ئیتر یەکتریمان خۆشناوێ و لەجیاتی ئەوەی لەم وەزعەدا بمێنینەوە، بڕیارمان داوە بەجیابژین."

بۆ ئەم مەبەستەش گرنگە دایك و باوك پێکەوە بەوپەڕی ئارامی و لەسەرخۆییەوە، ئەم بابەتەیان تێبگەیەنن. لەم کاتەدا ئیتر پێویست بە شین و گریان ناکات، یا بەکەونە گێڕانەوەی ئەو کێشە گەورەیە کە بەرۆکتانی گرتووە. بەڵکو هەر چۆنێك هەیە گرنگ ئەوەیە کە ئێوە لەگەرمەی کێشەکانتانا، منداڵەکانتان لە مەوزوعەکە تێبگەیەنن.

ئاشکرایە لەچاوی دایکان و باوکانیشەوە تەڵاق کارێکی هەروا ئاسان نیە، جەنگ کردن لەسەر کەسایەتی خۆیان، ڕووبەڕووبوونەوەی ڕق و کینە و خۆخواردنەوە و...هتد . ژن و مێردێك کە بڕیاری جیابوونەوەیان داوە، بەدەگمەن دەگەنە ڕێکەوتن. زۆربەی کات هەریەکەیان لەهەوڵی ئەوەدان خەتاکان بخەنە ئەستۆی ئەوی تریان.

## ئایا دەکرێ بەردەوامبوونی ژیانی هاوسەرداریتی پێشبینی بکرێت؟

بێگومان ژن و مێردێك کە زۆربەی کات شەڕ و ئاژاوەیانە و یا بە پێچەوانەوە زۆربەکەمی پێکەوە قسەدەکەن، زیاتر ئەگەری ئەوە هەیە سەرئەنجام لەیەك جودابینەوە. لەدوو قۆناغدا ئەم ئەگەرە زیاتر دەبێت، یەکەم لەساڵەکانی پێش حەوتەمدا و دوەم پاش چواردەهەمین ساڵی هاوسەرگیری.

## دەمەقاڵەی زۆر و قسەنەکردنی درێژ خایەن بۆیەیە ببێتە هۆی جیابوونەوە...

لەم دوایانەدا لە ئەمەریکا توێژینەوەیەك ئەنجامدرا کە ماوەی 14 ساڵی خایەند و ئەنجامەکەی لە گۆڤاری "هاوسەرگیری و خێزان" هەر لەئەمەریکا بڵاوکراوەیەوە، تێیدا هاتووە: لەمابەینی 80 هاوسەر کە 5 ساڵ بەسەر ژیانی هاوسەرگیریاندا تێپەڕی کردبوو، کە تا کۆتایی 4 ساڵ، 7 هاوسەر تەڵاقیان وەرگرت، لە پاش 10 ساڵ بوو بە 13 هاوسەر، کەبەیەك جاری لەیەك جیابوونەوە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا دوو هۆکار کە هاوسەرەکان دەخەنە ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسی جودابییەوە ئاشکرا بوو: یەکەم ئەو ژن و مێردانەی کە بەردەوام دەمەقاڵە و بۆڵەبۆڵیانە بەسەر یەکدیدا و ئەو خێزانەشی کە بەپێچەوانەی ئەمانەوە کە پەیوەندیەکی زۆر سارد و سڕیان لەنێواندا هەیە. ئەڵبەتە لەهەردوو حاڵەتەکەدا جودایی شتێکی سەیرنیە! چونکە هاوسەرگیری زۆر سارد و سڕ یا بەپێچەوانەوە، ئەوانەی فێری شەڕو قڕە قرن، جێی باوەڕ نیە کە بتوانن پێکەوە هەڵبکەن و ژیانی هاوسەرداریی درێژەپێبدەن.

### دوو سەردەمی مەترسیدار..

هەروەها لەم توێژینەوەیەدا دوو سەردەمی ترسناکی بۆ هاوسەران ڕوون کردۆتەوە: سەردەمی یەکەم پەیوەستە بە 7 ساڵی یەکەمی هاوسەرگیری کە ئەگەری تەڵاق زیادبکات. سەردەمی دووەم کەزۆر حەساسە دەوروبەری چواردەهەمین ساڵی هاوسەرگیریی دەگرێتەوە. بەپێی گوتەی دەروونناسان، منداڵەکان لەم تەمەنەدا گەرەتر بوون و پشتگیری زیاتریان پێویستە. هەروەها لەم ماوەیەدا دایکان و باوکان کاتیان هەیە تا بیر لە باشترکردنی پەیوەندیەکانی نێوانیان بکەنەوە لەو شتانەی تا ئەو کاتە بەسەریاندا تێپەڕیوە چاوبپۆشن یا پەیوەندی خێزانیان پتەوتربکەن.

جگەلەوەش لەم توێژینەوەیەدا خاڵێکی گرنگی ترمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە لەمابەینی ئەم دوو هۆکارە ترسناکەدا دوو سەردەرمی حەساس دۆزراوەتەوە. ئەو ژن و مێردانەی کە زۆر شەڕ و شۆڕ و دەمە دەمە دەکەن هەمان گروپن کەلە پاش 7 ساڵ ئەگەری ئەوە هەیە لێك جیا ببنەوە و ئەوانەشی کە زۆر کەم پێکەوە قسەدەکەن پاش 14 ساڵ تێپەڕبوون بەسەر هاوسەرگیری پڕ حەساسیاندا بەهەمانشێوە ڕەنگە لەیەك جیاببنەوە.

سەرچاوە: همشهری آنلاین